The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# کەمپینی جەماوەریی خەڵکی کوردستان دژ بە هەڕەشەی تورکیا و گەلەکۆمە لە سەر گەلی کورد

## منیش ئامادەی بەرهەڵستکاریم دژ بە هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست**

**پارت و ڕێکخراوو و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکان**

**ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و داکۆکیکەرەکان لە مافی مرۆڤ**

**بەهاری ئەمساڵ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت , بڕیار وایە لەم وەرزەدا چارەنووسی نزیك بە نیوەی خاکی دابڕاوی کوردستان یەکلا بکرێتەوە , وەك ئاشکرایە چەندین ساڵە گەریلاکانی باکووری کوردستانی لە باشووری کوردستانن , وەلێ لە کاتێکدا پرسی کەرکوك و بڕیاری 140 لە قۆناغی جێبەجێکردندایە , لە کاتێکدا هەموو گەلی کورد چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بڕیاری 140 ن لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی , لەم کاتەدا بە بەهانەی لێدانی گەریلا , تورکیا بە نیازە هێرش بکاتە سەر خاکی کوردستان , ئەوەی ڕوونە لێدانی گەریلا تەنها بەهانەیەکە بۆ هاتنە ناوەوەی کوردستان و پێشێلی سەروەرییەکەی , ئەسڵی مەسەلە ڕێگەگرتنە لە جێبەجێکردنی بڕیاری 140 و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە شاری کەرکوك .**

**بۆ ڕێگەگرتن لە جێبجێکردنی نەخشە گڵاوەکانی تورکیا , بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر دەوڵەتی عێراق و ئەمەریکا و حکومەتی هەرێمی کوردستان , بۆ ڕێگە نەدان بە هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان و چارەسەرکردنی ئاشتیانە بۆ کێشەی کورد لە باکووری کوردستان , با هەموو پەیوەست بین بە کەمپینی سەرانسەری گەلی کوردەوە دژ بە هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان , ئەم کەمپینە سەرانسەرییە هەوڵدەدات بۆ سازدانی بەرگری جەماوەری دژ بە هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان .**

**هەموو لایەن و کەسێك لە هەر شوینێکی ئەم جیهانە بژێن , دەتوانن لە جێگەی خۆیانەوە , کار بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە بکەن و ببن بە بەشێك لە کەمپینەکە, واژۆو پشتگیری خەڵکی کوردستان و دۆستانی دژ بە هاتنی سوپای تورکیا کۆبکەنەوە و بەرگری جەماوەری دژ بە هێرشی داگیرکەران ڕێك بخەن .**

ناوەندی چاك Chak_org@yahoo.com

**2006-2-22**

**منیش وەك كوردستانییەك ئامادەم بە هەر شێوەیەك پێویست بكات , بەشداری لە بزووتنەوەی جەماوەری دژ بە داگیركاری توركیا بكەم , لە پێناو داكۆكی لە سەروەری خاكی كوردستان و پاراستنی ڕۆڵەكانی گەلەكەمان .**

| ناوی سیانی | ناونیشان | پیشە | چی دەتوانیت ئەنجام بدەیت | واژۆ |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |
| | | | | |